



Sister in Arms 2019

(Red Snake 2019)

فیلمێکی زۆر لە لایەن کوردەکان و ئەمریکیەکانەوە دروستکراون لەسەر شەری داعش، بەڵام ئەم فیلمە لە کۆتایی ساڵ دەرچوو، گرینگی ئەم فیلمە دەگەرێتەوە بۆ ئەو هێزەی زۆرەی کە لە فیلمەکەدا بەکارهاتووە، هەروەها گرینگییەکەی تریش ئەوەیە کە قارەمانەکانی ئەم فیلمە هەموویان ئافرەتن، ئەوانیش ئافرەتانی کورد ئەمریکی و فەڕەنسی و ئیتاڵی و هتد. بۆیە پێویستە بڵێین کە ئەم فیلمە سەرکەوتنەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئازایەتی ئەو ئافرەتانەی دژی داعش جەنگاون.
بگەڕێینەوە سەر فیلمەکە، فیلمەکە لە سوریا دروستکراوە و ڕووبەرێکی فراوانی بە خۆیەوە گرتووە، ئەم فیلمە باس لە هاتنی داعش دەکات  کە دەیانەویست دەست بەسەر کلتور و خاکی ئێزدییەکاندا بگرێت، ئەکتەری سەرەکی لە ناوفیلمەکەدا کچێکە بە ناوی "زارا" ئەم کچە باوکەکەی لەلایەن داعشەوە کوژراوە و دایکەکەی فرۆشراوە و برایەکەی لە ژێرفەرمانی "ئەبو مەریەم" دایە، ئەبو مەریەم ئەمیرێکی داعشە پیشەکەی کرین و فرۆشتنی کچان و ژنانی کوردە، هەروەها منداڵان فێری جیهاد دەکات دژی پێشمەرگەکان،



بۆیە کۆمەڵێک لە شەرڤانان هەڵدەستن بە دامەزراندنی گروپێک بەناوی "ماری سور" بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان دژی داعش، ئەم ئافرەتانە کەسانی چاونەترس و ڕاهینان پێکراون وە دواتر هەندێکیان لەلایەن داعشەوە دەکوژرێن و ئەوانی تر سەردەکەون و زاراش چاوی بە خێزانەکەی دەکەوێت و برایەکەی ڕزگاردەکات، ئەوەی سەیرە ئەوەیە ئەکتەری بەناوبانگ (Amira Casar) زۆر سەرکەوتوانە ڕوڵی خۆی دەنوێنێت، بۆ نمونە لە شوێنێک زۆر خێرایی دەڵێت: بژی کوردستانا ئازاد. ئەم وتنەی ئەو زۆر بە خێرایی دەردەکەوێت پێم وایە کوردێکی ڕەسن بتوانێت ئاوا بە خێرا ئەم ڕستەیە دووبارە بکاتەوە، ئەم فیلمە ناوەکەی "ماری سورە"

(Red Snake) لەبەر ئەوەی مار هێمایەکی پیرۆزە لەلای ئێزدیەکان. بەڵام لە زۆر شوێن بەناوی خۆشکانی چەکدارناسراوە واتە ( Sister in Arms).



دەمەوێت بڵێم بینی ئەم فیلمە تام و چێژی تایبەتی هەیە و ئەم فیلمە بابەتی کومێدیا و تراژیدیاش لەخۆ دەگرێت، بەڵام زیاتر تراژیدیایە، زیاتر باسەکەش لەسەر ئەوەیە کە کورد چەند سەدەیە لەلایەن تورک و عەربەوە داگیرکراوە و دەبێت ئەم داگیرکارییە کوتایی پێ بهێت.

ئەم فیلمە لە کوردستان دروست کراوە، هەروەها زمانی قسەکردنی ئەکتەرەکان کوردی و عەرەبی و ئینگلزی و و ئیتاڵی و فەڕەنسییە.

Language

English, Kurdish, French, Italian, Arabic

Country of Origin

France, Italy, Belgium

---

Filming Locations

Kurdistan

ئامادەکردنی : حۆسێن نادر (حسو)

**Facebook: Hosein Nadr**

**Instagram: hichkac**

**کوردپیدیا ماڵپەڕێکە بۆ ئەو کەسانی دەیانەوێت زیاتر بزانن**

**www.kurdpedia.org**